# کتێبێکی بە خوێن نووسراو

(1)

حەمەسەعید حەسەن

کوشتوپڕ ڕووخساری ئەم شارەی گۆڕیوە،
ئەو بەردە، ئێسقانە،
ئەو چرەدووکەڵە
هەناسەی ئینسانە.
ئەدونیس

**جەللاد و قوربانی**

وەک چۆن ناتوانین هیچ ماددەیەک لەناو ببەین، هەر وایش ناتوانین ئەگەر هیچمان لەبەر دەستتدا نەبێت، هیچ ماددەیەک دروست بکەین. لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە بڕوایان بە غەیب هەیە، ئەوە تەنیا خودایە بێ ئەوەی هیچ کەرەسەیەکی لەبەر دەستتدا بووبێت، توانیویەتی گەردوون بخوولقێنێت و دەیشتوانێت ئێسک و پرووسکی ڕزیوی مردوو سەرلەنوێ زرپ و زیندوو بکاتەوە. لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی بیستەمدا، لە باشووری کوردستان، لە شاری سلێمانی، جەمال عیرفان گوتبووی: (وەک چۆن سووتووەجگەرە نابێتەوە بە تووتن، مردوویش زیندوو نابێتەوە.) لەسەر ئەو جۆرە قسانە، لە ١٩٢٣/١٢/٢٣دا، لەژێر چەتری دەسەڵاتی شێخ مەحموددا تیرۆر کرا، شەست و دوو ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، عەبدولخالیق مەعرووف لەسەر کتێبی (ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) بە هەمان چارەنووس دەگات.

وەک چۆن لە سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموددا، زانایانی ئایین خوێنی جەمال عیرفانیان حەڵاڵ کرد، ساڵی ١٩٨٥یش کۆششی بێ وچانی مەلایانی کورد، ڕێگەی بۆ تیرۆرکردنی عەبدولخالیق مەعرووف تەخت و خۆش کرد. هەر لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمدا و هەر بە هاوکاریی نێوان بەعس و ئیسلام، لە سلێمانی (ڕەئووف زوهدی و عومەر تۆفیق)یش تیرۆر کران، یەکەمیان لەسەر کتێبی (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە؟) و دووەمیان لەسەر نامیلکەی (منداڵنەبوون بەبێ حەب،) تەنانەت نووسینی کوردی بە حەرفی لاتینی، لای ئیسلامی بەعس، (دەکەوێتە خانەی دژایەتیکردنی حەرفی عەرەبیی قورئانەوە و <دڵشاد مەریوانی>ی لەسەر دەکوژرێت.)(١) (کەریم زەند)یش چونکە ئینجیلی کردبووە کوردی، هەوڵی کوشتنی دەدرێت و بە سەختی بریندار دەکرێت.

ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو، سەردەمی ناسر، محەممەد شەلتووت ئیمامی هەرەگەورەی مزگەوتی ئەزهەر فەتوای دا: (ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەرامە.) ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو، سەردەمی سادات، متەوەللی شەعراوی وەزیری ئەوقافی میسر، فەتوای دا: (ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەڵاڵە.)(٢) زانایانی ئایینی کوردیش بە هەمان شێوە ئایین وەک یەکێک لە دەزگا سەرکوتگەرەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەخەنە گەڕ، بە

چاوپۆشین لە شێوازی فەرمانڕەوایی و ناسنامەی دەسەڵاتداران.
جاران لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا زانایانی وەک حەللاج، قورتوبی و سەهروەردی تیرۆر دەکران، لەم سەردەمەشدا حسێن مروە، مەهدی عامیل، فەرەج فۆدە و فەرهاد فەرەج دەکوژرێن، نەجیب مەحفووز، عەزیز نەسین، سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرین فەتوا و هەوڵی کوشتنیان دەدرێت، عەلی عەبدولڕەززاق و د. جەلال سادق ئەلعەزم بە دادگا دەدرێن، عەلاء حامید زیندانی دەکرێت، د. نەسر ئەبوزەید و ڕێبوار ئەحمەد ناچار دەبن زێدی خۆیان جێ بهێڵن.

**پەیامێکی خوێناوی**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥دا عەبدولخالیق مەعرووف (ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەوایدا)ی(٣) چاپ و بڵاو کردەوە، پێشتر سانسۆر بواری چاپکردنی هەمان کتێبی کە بە ناونیشانی (ژن لە سایەی ئیسلامدا) بۆی نێردرا بوو، نەدابوو. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا مزگەوت و بەدناوترین دەزگای ئاسایشی ڕژێمی بەعس کە ئاسایش بوو، دەستیان تێکەڵ کرد و هەر چییان بۆ زڕاندنی ناوی نووسەرەکەی لە دەست هات، درێغییان نەکرد. سەرەتا فەرمانی لەنێوبردنی کتێبەکەیان دەرکرد و دواتر لە ئەپریلی هەمان ساڵدا نووسەری کتێبەکەشیان تیرۆر کرد. (ئەوی کتێب بسووتێنێت، ئینسانیش دەسووتێنێت.) مەلا و بەعسی ڕاستیی ئەو گوتەیەی هاینریش هاینەی شاعیری ئەڵمانیان سەلماند.

هیچ بیروباوەڕێک بە هەموو ئایینەکانیشەوە، هێندە پیرۆز نییە، کەس بۆی نەلوێت بە چاوی گومان و ڕەخنەوە سەرنجی بدات. بەوەدا هەر کەس ڕەخنەی لە ئایینی ئیسلام گرتبێت، لەبری ململانێی فیکری، دووچاری تۆقاندن، ڕاونان و تەنانەت کوشتنیش هاتووە، بەهێزیی لۆگیکی ئەو ئایینە دەبێتە جێی گومانێکی ڕاستەقینە. ئەگەر زانایانی ئیسلام بڕوایان بە ئایینەکەیان پتەو بووایە و پشتئەستوور بوونایە لێی، لەبری حەڵاڵکردنی خوێنی ڕۆشنبیران، دیالۆگیان پەسەند دەکرد و زەندەقیان لە ڕەخنە نەدەچوو.

پەنابردنە بەر تیرۆر ڕەنگدانەوەی لاوازی و ترسنۆکییە، هەرگیز هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت نووسەرێکی ڕاستەقینە بسڕێتەوە، بڵند حەیدەری گوتەنی (گوللەیەک چۆن پێی دەکرێت کۆتایی بە ژیانی نووسەرێک بهێنێت کە داهێنانی بووبێت بە بەشێک لە ژیانی کەسانی دیکە؟) عەبدولخالیق مەعرووف چاوەڕێی ئەوەی دەکرد پێستی بکەن بە چەکمە و (کاسەری سەریشی بە تەپڵەکی جگەرە،)(٤) بەڵام وەک نووسەرێک ئەوەی بە ملکەچی دەزانی، لێ گەڕێت بەعسی و مەلا وێنەی ئێستا و داهاتووی وڵاتەکەی بکێشن، ئەو وەک ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ دژی ئیدیۆلۆگییە لە ئاسمانە باریوەکان و بیروباوەڕە زەوینییە سەردەم بەسەرچووەکان بوو.

ڕەخنە وەک بنەماخوازان جاڕی بۆ دەدەن، بەرهەمێکی بێ ناوەڕۆک و بێ لایەن نییە، کارێکی شۆڕشگێڕانەیە و

ئەوی ڕەخنەی لە ئایین نەبێت، ڕەخنەی لە هیچ شتێکی دیکە نییە. عەبدولخالیق مەعرووف وەک باکۆنین دەڵێت، دەیزانی (هەتا سەردار و سەروەرمان لە ئاسمان هەبێت، لەسەر زەوی کۆیلە دەبین،) بۆیە وەک چۆن مەلەک تاوس بێجگە لە خودا کڕنووشی بۆ کەسی دیکە نەبرد، ئەویش بێجگە لە ڕاستی، سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە، نەوی نەکرد.

عەبدولخالیق مەعرووف دەیزانی گەلانی ئەورووپا لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەنەوە لە دەسەڵاتی ئایین ڕزگاریان بووە، دەیزانی ئەورووپا بە کۆششێکی دژوار کۆمەڵێک دەستکەوتی مەزنی بە دەست هێناوە، لەوانە: ئازادکردنی گەردنی سیاسەت لە کۆتی ئایین، بنیاتنانی عەقڵێکی ڕەخنەگرانە کە پێی وایە، هیچ شتێک لەسەروو ڕەخنەوە نییە، ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ئازادیی ویژدان، واتا ئازادیی بڕوا هەبوون یان نەبوون بەم یان بەو ئایین، ئەویش چرای هەمان خەباتی لە کوردستان هەڵکرد. ئەو ڕۆشنبیرێکی مەزن و شۆڕشگێرێکی ڕاستەقینە بوو، بۆیە تیرۆر کرا، ئەگەر مولحیدێکی ساکار و نووسەرێکی ڕووکەش بووایە، لێی نەدەتۆقین و نەیاندەکوشت. ئەو پێی وابوو ئەوانەی دەستیان لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی بڵند گیر دەبێت، وەک ئاکار لە نشێودان، ئەوانەی بە سامان شاد دەبن، ویژدانیان لە کیس دەچێت.

عەبدولخالیق مەعرووف شارەزای لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی ئیسلام بوو، دەیزانی بەششاری کوڕی بورد، بە تاوانی زەندیقی لەژێر بارانی قامچیدا گیانی لە دەست دا و (کەعبی کوڕی شەرەف)یش بە تاوانی لاقرتی بە محەممەد کردن، سەری لە لەشی جوێ کرایەوە، دەیزانی دەشێت ئەویش هەمان چارەنووسی هەبێت، دەیزانی ئیسلام هەرگیز لە دەرەوەی خۆی بواری بۆ وتوویژ نەڕەخساندووە و ئەگەر تاکوتەرا لەنێو ئیسلامدا کەسی وا هەڵکەوتبێت، بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجی کەلەپووری ئیسلامی دابێت، نەیتوانیوە وەڵامی داخوازییەکانی سەردەم بداتەوە. محەممەد عەبدە چونکە وەڵامی قایلکەری پێ نەبوو، بۆ دەمکوتکردنی نەیارانی، پەنای دەربردەوە بۆ ئەم گوتەیەی محەممەد، (بیر لە خودا مەکەنەوە، بیر لەو شتانە بکەنەوە کە خودا خوڵقاندوونی.)

عەبدولخالیق مەعرووف لە کتێبەکەیدا بە پشتبەستن بە دەقی قورئان گوتە و هەڵسوکوتی محەممەد و بۆچوونەکانی شافیعی، تێروانین و مامەڵەی ئیسلام سەبارەت بە ژن ڕوون دەکاتەوە. ئەو نە سووکایەتیی بە ئیسلام کردووە، نە بەو مەبەستەش هەڵوێستی ئیسلامی دەربارەی ژن شی کردووەتەوە، بەڵکوو ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی، لادانی پەردەیە لەسەر ڕووخساری دزێوی دێوی ئەو سووکایەتییەی ئیسلام بە ژنی کردووە و دەکات. دەشێت لە نێو کورددا کەسی وای هەڵکەوتبێت هێندەی عەبدولخالیق مەعرووف و زێتریش شارەزایی لە ئیسلامدا هەبووبێت، بەڵام هێشتا کەسی وای تێدا هەڵنەکەوتووە، هێندەی ئەو بوێر و هێندەی وی بە ڕاشکاوی و قووڵی هەڵوێستی ئیسلامی لەمەڕ ژن بەسەر کردبێتەوە.

زۆربەی خەڵکی کوردستان بە بەشێکی زۆر لە نووسەرانیشەوە کە دەبینن ڕۆژانە بە ئاشکرا سووکایەتیی بە ژن

دەکرێت، ئۆباڵی ئەم بە کەم سەرنجدانی ژنە، دەخەنە ئەستۆی هەڵوێستی ئەم مەلا یان ئەو زانای بواری ئایین، عەبدولخالیق مەعرووف هەولی داوە، ئەو هەڵە باوە ڕاست بکاتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ ئەوە کێش بکات کە ئەوە ئایینی ئیسلامە سووک لە ژن دەڕوانێت نەک ئەم یان ئەو ئاخوند، ئەوی ڕەخنەشی هەیە با لە دەقی قورئان، یان لە گوتە و کردەوەی محەممەدی بگرێت. پەیامی سەرەکیی کتێبەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە (ئەوی هەڵوێستی زانایانی ئایینی ئیسلامی کۆمەڵگەی هاوچەرخ بە چەوت، ناڕەوا و نائینسانی دەزانێت، با هەڵوێست بەرانبەر ئیسلام بنوێنێت، نەک بەرانبەر ئەو مەلایانەی بە موو لەو ڕێیانە لایان نەداوە کە ئیسلام بە هۆی دەقی قورئان و گوتەی محەممەدەوە، نەخشەی کێشاوە. ئەوی دژی مارەبڕینی منداڵی سەر بێشکە، فرەژنی، ژنهێنان بۆ خۆشی، ژنی کاتی و ژنی گەشتیارییە، با ئایینی ئیسلام تاوانبار بکات، نەک مەلا و ئاخوند.

سەرچاوەی بە سووکی سەرنجدانی ژن، دەقی قورئان، گوتە و کرداری محەممەدە، نەک لێکدانەوە و هەڵسوکەوتی زانایانی ئیسلام. ئەوانەی لە ئێران، جەزائیر و ئەفغانستان سووکایەتیی بە ئینسان بە گشتی و بە ژن بە تایبەتی دەکەن، موسڵمانی ڕاستەقینەن و بەوپەڕی هۆشیاری و دەستپاکییەوە، وابەستەی ناوەڕۆکی دەقە پیرۆزەکانن و فەرمانی خودا و پەیامبەرەکەی جێبەجێ دەکەن. ئەوی هەڵسوکەوتی زانایان و دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی ئیسلام پەسەند ناکات، ئەو ددانی پێدا بنێت یان نا، پێ بزانێت یان نا، ئیسلام ڕەت دەکاتەوە، ئەمەیە کرۆکی نامە بە خوێن نووسراوەکەی عەبدولخالیق مەعرووف.

**جیاوازیی چینایەتی**

ئایین لێ ناگەڕێت چەوساوەکان لە پێناوی ژیانێکدا کە شیاوی ئینسان بێت، ڕاپەڕن، چونکە بەڵێنی بەهەشتی ئەو دینای پێ داون. ئایین زۆرلێکراوانی سڕ کردووە، ڕێگرە لەبەدەم لافاوی پەلاماریاندا و یاخیبوون لە دەسەڵاتداران، بە یاخیبوون لە خودا دەزانێت. محەممەد بە هەژاران دەڵێت: (ئەگەر دەتانزانی خودا چی بۆ پاشکەوت کردوون، قەت خەمتان بۆ ئەو شتانە نەدەخوارد کە ئێستا شکیان نابەن.) یان (ئارامگرتن کارێکی چاکە بە تایبەتی بۆ هەژاران.) هەر بە گوێرەی گوتەی محەممەد (ئەو کۆیلەیەی هەڵاتبێت، تا نەگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی، نوێژی لێ قەبووڵ ناکرێت.) محەممەد بە گوێرەی دەقی قورئان، خەڵکی دەهێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە جیاوازیی چینایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەمەندان، ویستی خودان، چونکە قورئان پێمان دەڵێت: (خودا فەزڵی بڕێک کەسی بەسەر بڕێک کەسی دیکەدا داوە، انظر کیف فضلنا بعضهم علی بعض.<ئایەتی ٢١ سوورەتی ئیسرا> تا خەڵکانێک بە هۆی سامانیانەوە، خەڵکانی دیکە لە خزمەتی خۆیاندا بخەنە گەڕ. ورفعنا بعضهم فوق بعض درجات لیتخذ بعضهم بعضا سخریا.)<ئایەتی ٣٢ سوورەتی زوخروف.>)(٥)

کەواتە قورئان لایەنگری هەبوون و بەردەوامبوونی جیاوازیی چینایەتی، چەوساندنەوەی چینایەتییە و دەوڵەمەندی و هەژاری بە شتێکی ئاسایی و هەمیشەیی دەزانێت. تەنانەت محەممەد (بە نیازی وەدەستهێنانی

پشتگیرییان و دابینکردنی قازانجی بازرگانانی مەککە، ڕووگەی موسڵمانانی، لە مزگەوتی ئەقساوە گۆڕی بە مزگەوتی حەرام و حەجیشی فەرز کرد.)(٦)

دەزگای ئایین هەمیشە بو کۆتانەوەی سەری چەوساوەکان، کوتەکی بەزەبری دەستی دەسەڵاتداران بووە. (ساڵی ١٩٧٧ کە هەژارانی قاهیرە، دژی بڵندبوونەوەی نرخی شتومەک، ڕژانە سەر شەقام، ئەزهەر ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیەی هەژارانی بە کاری شەیتان لە قەڵەم دا.)(٧) لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، (قنیاتکردن گەنجینەیەکە لەناوچوونی بۆ نییە) و ئەوانەی لەم دنیا بە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک قایلن، خودا لەو دنیای دی، لە بەهەشتدا پاداشتیان دەداتەوە، کەچی ئەوانەی یاخی دەبن، لەم دنیا دەسەڵاتداران و لەو دنیا خودا سزایان دەدات، ئەگەر چی لەبەر ڕۆشنایی بەڵێنی قورئاندا، دەبوو وەک چۆن ملکەچان تەنیا لەو دنیا پاداشت وەردەگرن، یاخیبووانیش تەنیا هەر لەو دنیا سزا بدرێن، نەک لەم دنیاش و لەو دنیاش،

ئایین ئەگەر ڕۆڵی سروشتیی خۆی، ڕۆڵی ئەسپی تەروادەی لەنێو چەوساوەکاندا وازی نەکرد، دەسەڵاتی سیاسی، بە شمشێری لەشکری ئیسلام تەمێیان دەکات. بە گوێرەی فیکری ئیسلام، خودا بە مەبەستی تاقیکرنەوەی بەندەی خۆی، دەوڵەمەندی و هەژاریی هێناوەتە گۆڕێ، (دەیەوێت بزانێت دەوڵەمەند خێر دەکات؟ یان نا؟ هەژار ئارام دەگرێت؟ یان نا؟)(٨) کەچی دەوڵەمەندی خێرنەکەر تەنیا لەو دنیا سزا دەدرێت، بەڵام هەژاری ئارامنەگر لە هەردوو دنیا.

**سەرچاوەکان**


(١) كنعان مكيه، القسوه و الصمت، ط١ ص ١٥١ دار الساقي ١٩٩٤ لندن.

(٢) مجموعه من المؤلفين، الإبداع من نوافذ جهنم، العنف الاصولي، ص ١٨ و ١٩ رياض الريس للنشر ١٩٩٥ لندن.

(٣) عەبدولخالیق مەعرووف، ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا، دار الجاحظ ١٩٨٥ بغداد. نووسەر ئەم کتێبانەی دیکەشی بڵاو کردوونەوە:

* ئەنتێنا، چاپخانەی کوردستان ١٩٧٧ هەولێر.

* تەکینکار، چاپخانەی بابل ١٩٨١ بەغداد.

* دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟ چاپخانەی المؤسسە العراقیە للدعایە و الطباعە ١٩٨٤ بەغداد.

(٤) عەبدولوەهاب بەیاتی.

(٥) عەلی میر فێترووس، ئیسلامناسی، و. سیامەک بابەک، ل٤٤ (شوێن و ساڵی چاپی لەسەر نییە.)

(٦) ئیسلامناسی، ل٢٢

(٧) الإبداع من نوافذ جهنم، ص٣٠٧

(٨) الدكتور عاطف احمد، نقد فهم العصرى للقران، ص٢٩ ط٢ دار الطليعه ١٩٧٨ بيروت.

# کتێبێکی بە خوێن نووسراو
(2)

حەمەسەعید حەسەن

**ئازادی و دیموکراتی**

ئەگەر چی قەدەغەیە، ئیدیۆلۆگیی ئیسلام هاوچەرخانە لە لایەن ڕووناکبیرانەوە بخوێندرێتەوە، کەچی ئیسلامییەکان هەوڵێکی بێهوودە دەدەن لەگەڵ سەردەمدا بیگونجێنن. لەوە دەچێت محەممەد بڕوای بەو گونجاندنە هەبووبێت، ئەگەر نا نەیدەگوت: (ئێوە خۆتان کاروباری ژیانی خۆتان باشتر دەزانن،) یان شێوازی فەرمانڕەوایی دەستنیشان دەکرد و لە سەروەختی ژیانیدا ڕێی دەدا گوتەکانی بنووسرێنەوە.

ئایین بەشێکی گرنگی ئیدیۆلۆگی و ڕەگەزێکی سەرەکیی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی چینە دەسەڵاتدارەکانە لە کۆمەڵگەی پێش سەرمایەداریدا. پیشەسازی بەرهەمی زانستە و زانستیش بەرهەم دەهێنێت، شوانکارەیی و کشتوکاڵکردنیش ئایین بەرهەم دەهێنن. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمەشدا، ئایین ئیدیۆلۆگیی چین و توێژە کۆنەپارێزەکانە. ئەگەر دەسەڵات کەوتە دەست ئیسلامییەکان، ئایین لە ئیدیۆلۆگییەوە دەبێتە یاسا، ئەمەش کوشندەترین زەبر لە دیموکراتی دەدات، چونکە ئەو کاتە وتووێژکردن لەسەر یاساش دەکەوێتە خانەی کوفر و ئیلحادەوە، سزای کافر و مولحیدیش، مەرگە.

(سەلەفییەکان هەموو ڕابردوو بە پیرۆز دەزانن، عەدەمییەکان هەموو ڕابردوو ڕەت دەکەنەوە.)(٩) چ مل کەچنەکردن بۆ یاسای گۆڕان، چ سڕینەوەی کەلەپوور بە هەموو لایەنەکانییەوە، ئاوکردنن بە ئاشی ژیانی نادیموکراتیدا. با ئیسلام لە سەروەختی ژیانی محەممەدا، زیندەبەچاڵکردنی کچی قەدەغە و (سوود)وەرگرتنیشی حەرام کردبێت، بەڵام نەخۆشییەکانی ئەم سەردەمە، بەو دەرمانە دێرینە چارەسەر ناکرێن و هەڵگرانی ئیدیۆلۆگیی ئیسلام، فەرمانڕەوا بن، یان نا، هەر لە بەردەم ڕەوتی کۆمەڵگە و دیموکراتیدا بەربەست دەبن، چونکە بڕوا بەوە ناهێنن کە ئایینیش وەک دیاردە کۆمەڵایەتییە ڕۆشنبیرییەکانی دیکە، ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵە.

قورئان بۆ ئەوە بەرهەم نەهێنراوە گومانی لێ بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت، بۆ ئەوە هاتووە کوێرانە و بێ چەندوچوون بڕوای پێ بکرێت. دەشێت لەنێو ئیسلامدا دەسەڵاتداری وا هەڵبکەوێت، ئامادەی وتووێژکردن بێت دەربارەی ناوەڕۆکی قورئان، بەڵام بە مەبەستی دەمکوتکردنی بەرانبەرەکەی، ئاخر پێشەکی گومانی لەوە نییە کە خۆی لەسەر هەقە. دەسەڵاتدارانی موسڵمانی ئێران، تەنانەت لە ئەورووپا و لە گەرمەی وتووێژیشدا نەیارانیان تیرۆر دەکەن، وەک لە ١٣/٧/١٩٨٩دا، لە ڤییەن دۆکتۆر قاسملوو، فازیلی مەلا مەحموود و عەولای قادرییان لە کاتی وتووێژدا کوشت. ئیسلام تەنیا کاتێک دەتوانێت، بانگەشەی دیموکراتیبوون بکات، کە ئەو خەڵکە

سەرپشک بکات لە نێوان ئەوەی دەرگای دڵ و مێشکی بۆ دەخەنە سەر پشت، یان ڕەتی دەکەنەوە.

هەموو مێژووی فەرمانڕەواییی ئیسلام لە (خوێنڕشتن لە سایەی شووردا) بەرجەستە دەبێت و شوورا هەمیشە دێوجامەیەک بووە بۆ ڕاوکردنی نەیارانی ئیسلام. ئەگەر چی ئەفغانی پێی وایە، (شوورا و دیموکراتی دوو رووخساری یەک ناواخنن،) وەلێ ڕاستییەکەی شوورا هەمیشە لە بەردەم داهێنانی تاکدا ڕێگر بووە و ئازادیی تاکی زەوت کردووە. لە سایەی ئیسلامدا ئەوەی ڕێزی لێ نەگیرێت، ئازادیی بیروڕا دەربڕینە و بیروباوەڕی ئیسلام هەمیشە بە زەبروزەنگ سەپێندراوە، ئەوە نییە ڕابردووی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام، مێژوویەکە خوێناوی و خەمگین.

مادام هەر چی جوان و باڵایە خودا دروستی کردووە و هەر چی دزێوی و هەڵەش هەیە ئیشی ئینسانە، مادام ئایین خاوێنە و پیرۆز، دەوڵەتیش نەک هەر خاوێن و پیرۆز نییە بەڵکوو پیسوپۆخڵیشە، بۆیە دەبوو بوار نەدرێت کانیاوی ڕۆشنی ئایین تێکەڵ بە گۆمی لیخنی دەوڵەت ببێت، کەچی گا ئایین لە خزمەتی دەوڵەتدایە و گا دەوڵەت دەکەوێتە سەنگەری داکۆکی لە ئایین کردنەوە. هەندێک جاریش وەک چۆن کە دوو چەم تێکەڵی یەکدی دەبن، ئیدی ئاوی ئەمیان لە هی ئەویان جیا ناکرێتەوە، ئایین و دەوڵەتیش بە هەمان شێوە تێکەڵی یەکتری دەبن، ئیدی فارابی گوتەنی (ڕێ نادرێت کەس خاوەنی خودی خۆی بێت و دەبێت هەمووان لەنێو دەزگەی دەوڵەتدا خودی خۆیان لە دەست بدەن،) ئەوسا تاک چونکە بۆ دەورووپشت دەژی نەک بۆ خۆی، چونکە بۆ بەهەشتی ئایندە دەژی نەک بۆ ئێستەی، چونکە دەبێتە کۆیلەی دەستی ئایینی دەوڵەت، یان دەوڵەتی ئایینی، بۆیە خودی خۆی لە کیس دەچێت.

لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە، ئیسلام هەم ئایینە و هەم دەوڵەت، هەم کتێبە و هەم شمشێر، ئەوە نییە ئیسلام لێ ناگەڕێت بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاک، ڕەنگدانەوەی سروشتیی خواست و ویستی خۆی بن؟ ئەوە نییە تاک پێویستە ملکەچی شەریعەت بێت؟ بەمەش تاک لە ئازادی، کە گەوهەری بوونی ئینسانە، بێبەش دەبێت. لە ئیسلامدا تەنیا محەممەد نوێنەری خودایە، دوای ئەو کەس، داوی بەیەکەوە بەستنەوەی تاک و خودا نییە، بۆیە دەبوو ئایین پرسێکی نێوان تاک و خودا بێت و دەسەڵاتداران لێ گەڕێن، تاک خۆی بڕیار لەسەر چۆنیەتی پێوەندییەکانی نێوان خۆی و خودای خۆی بدات.

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە و سەرخانی واقیعێکی دیاریکراوە، بۆیە ناتوانین بە چاوپۆشین لە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان سەرنجی بدەین، لەم ڕوانگەیەوە، (ئیسلام وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگەی جاهیلی بوو.) لە ئەورووپا چونکە لە سەدەی هەژدەیەمەوە، کڵێسا نابووت بووە و ئایین بووەتە بەشێک لە فۆلکلۆر، دەسەڵاتداران بۆ ڕەواییدان بە بڕیارەکانیان، پێویستیان بە پشتگیریی ئایین نابێت، پێویستیان بە پشتیوانیی تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت، وەلێ (لە وڵاتانی ئیسلامیدا، دەسەڵاتە نادیموکراتەکان لەژێر

جبەی ئیسلامدا ناشەرعیبوونیان دەشارنەوە.)(١٠) ئیسلام ناتوانێت دیموکراتی بێت، چونکە دیموکراتیبوون، ڕێزگرتنە لە بیروڕای جیاواز، نەک ملکەچکردن بۆ دەقی پیرۆز.

هەزار ساڵێک بەر لە ئێستا، قەدیس! سار بەرنارد دەیگوت: (خەڵکی دوو چەشنن، بڕوادار و بێبڕوا، بڕواداران هەوادارانی مەسیحن، غەیری ئەوانە خەڵکانی بێبڕوان و قەلاچۆکردنیان ئەرکی شەرعیی سەر شانی هەموو بڕوادارێکە، بڕوادار تا زۆرتر لەو بێبڕوایانە بکوژێت، لە خودا نزیکتر دەبێتەوە.) لە هەر شوێنێک ئایین سەروەر بێت و کێشەکان بە زەبری ئایین یەکلایی بکرێنەوە، دیموکراتی هەبوونی نابێت، تا ئایین ڕۆڵی سەرکوتکەرانەی ئیدیۆلۆگی ببینێت، ئازادیی تاک، ئەفسانەیە. لە هەر شوێنێک باسکردن لە ئایین، سێکس و جیاوازیی چینایەتی قەدەغە بێت، دیموکراتی لەوێ نییە، باسکردنی ئەو سێ بابەتەش لە وڵاتانی ئیسلامیدا تابووە. چۆن دیموکراتی لە سایەی دەسەڵاتێکدا هەبوونی دەبێت، کە ڕێبەرانی وەک مونتەزیری ناچار بن، بڵێن: (وا خۆمان بە جیهان ناساندووە، وەک بێجگە لە کوشتوبڕ حەزمان لە هیچی دیکە نەبێت.)(١١)

**فیکری دێرین و واقیعی نوێ**

قورئان دەڵێکە نەک هەر مرۆڤ لە کۆیلەیی ڕزگار ناکات، بەڵکوو دەیشیکاتە کۆیلەی ئایین. نە ئایین یاسایە و یە یاسایش ئایینە، یاسا ملکەچی گۆڕانی هاوسەنگییەکانی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام ئایین کە دەبێتە یاسا، چونکە پیرۆزە، ڕێز بۆ شوێن و کات دانانێت، خۆی بەسەر هەموو قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و خۆی بە دەرمانی هەموو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی هەموو کۆمەڵگەیەک لە گشت سەردەمێکدا دەزانێت. ئەدونیس دەڵێت: (لە ڕۆشنبیریی ئایینیدا هەموو شتێک پێشەکی بیری لێ کراوەتەوە و چارەسەری کاربڕ و ڕەوای بۆ دانراوە، هەموو شتێک چ لە دنیادا بێت، یان لە قیامەت، ئاشکرایە و پێویستی بە بیر لێ کردنەوە نییە.)(١٢) ئەگەر چی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام گیریان بە دەست دەیان کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خواردووە، کەچی پیاوانی ئایین پێیان وایە، (نەخۆشییەکانی کۆمەڵ، زادەی دوورکەوتنەوەی ئەو خەڵکەن لە ئایین.)(١٣)

ئەو زمانەی قورئانی پێ نووسراوە، زمانێکە دەیەوێت خۆی لەگەڵ هەموو کاتشوێنێکدا بگونجێنێت و هەموو بەها ڕێژەییەکان بە شێوەیەکی ڕەها باس دەکات. ئەگەر چی لە بواری ڕۆشنبیریدا هیچ شتێک نییە، هەمیشە هەر ڕاست بێت، وەلێ قورئان هەمیشە هەر ڕاستە. قورئان کە بەشێکە لە کەلەپوور، دەسەڵاتدارانی ئیسلام دەخوازن وەک دەقێکی هاوچەرخ سەرنجی بدرێت و دەیانەوێت بە دەرمانی ئایین کە توخمێکی گرنگی کەلەپوورە، هەموو برینەکانی سەردەم سارێژ بکەن، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە نانی ئەو ڕابردووە ڕەسەنە، برسییانی هاوچەرخ تێر ناکات.

دیموکراتی و ئیسلام پێکەوە ناگونجێن و هەر یەکێکیان ئەوی دیکەیان دەسڕێتەوە. ئیسلامییەکان وەک دۆکتۆر

غالی شوکری دەڵێت: (موسیک بە دەنگی شەیتان، شانۆ بە بەدکاری، گۆرانی بە عەورەت، شێوەکاری بە بتپەرستی و ئەدەب بە فریودانی کافرانە لە قەڵەم دەدەن.)(١٤) محەممەد عەبدولوەهاب چونکە لە گۆرانییەکدا گوتبووی:

نازانین لەبەر چی هاتووینە دنیاوە،

نازانین بەرەو کوێ مل دەنێین،

نازانین کام شتمان گەرەکە،

بە تۆمەتی ئەوەی بانگەشە بۆ ئیلحاد دەکات، ڕاکێشرایە بەردەمی دادگە، (لویس عەوەز)یش تەنیا لەبەر ئەوەی گوتبووی: (جنۆکە و فریشتە وەک داستان و ئەفسانە، بەرهەمی خەیاڵن،) بەرەو ڕووی هەمان چارەنووس بووەوە.(١٥) ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئێستاش خەڵکی بڕوا بە (یاجوج و ماجوج، بە هارووت و ماروت،))(١٦) هێرشی باڵەفڕی جەنگی ئاسای باڵندەی ئەبابیل و کەرتبوونی زەریای سوور بە گۆچانی مووسا، بکەن!

قورئان دەقێکی زانستی نییە و هیچ سەیر نییە لەگەڵ زانستدا ناکۆک بێت، لە دوا ئایەتی سوورەتی لوقماندا هاتووە کە (خوا دەزانێت چی لە منداڵداندا هەیە،) کەچی ساڵانێکە بە هۆی تیشکدان و ئامێری تایبەتییەوە، دۆکتۆریش دەزانێت، چی لە پزدانی دایکاندا هەیە. جێی سەرنجە ئیسلامییەکان، ئەوانەی جاران باسکردنی سووڕانەوەی زەویشیان پێ دروست نەبوو، هەنووکە بۆ هەر دۆزینەوەیەکی نوێی زانستی، بە تۆپزی ئایەتێک دەبیننەوە لەگەڵیدا بیگونجێنن!

هەموو ئەو بزووتنەوانەی لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامدا داوای دیموکراتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان کردووە، وەک: بابەکییەکان، قەرمەتییەکان، ئیسماعیلییەکان، هەقە، وێڕای ئەوەی بە زەندیق لە قەڵەم دراون، بەوەیش تاوانبار کراون کە خوشک و دایکیان بۆ خۆیان بە حەڵاڵ دەزانن. ئێستاش هەمان باڵۆرە بۆ کۆمۆنیستان لێ دەدەن، ئەگەر چی شیوعییەکان ژنومێردایەتی نێوان خزم و کەسوکار بە پەسەند نازانن، چونکە دەشێت وەچەی ئەو جۆرە پێوەندییە، ناتەواو بێتە دنیاوە.

ئیسلامییەکان خەڵکیان بەسەر دوو مەتەرێزدا دابەش کردووە، سەنگەری موسڵمانان و هی کافران، ئەمەش سەرەتای پەنا بۆ زەبروزەنگ بردن و پشتکردنە دیموکراتییە. ئەوی ملکەچی دەقی ئایینی نەبێت، ئیسلامییەکان ئەگەر دەسەڵاتیان نەبوو، ناو و ناتۆری دوا دەخەن و جنێوی پێ دەدەن، ئەگەر دەسەڵاتیشیان هەبوو، بە شمشێر و گوللە دەمکوری دەکەن. ئیسلامییەکان کاتێک وەک ئۆپۆزیسیۆنیش چالاکی دەنوێنن، (ئەو هەوڵەشیان بۆ پێشخستن و گەشەدان بە واقیع نییە، بۆ گۆڕینی دەسەڵاتە، دەخوازن دەستیان لە دەسەڵات گیربێت.)(١٧)

ئیمامی تووفی دەڵێت: (ئەگەر دەقی ئایینی لەگەڵ بەرژەوەندا نەگونجا، بەرژەوەند ڕەچاو دەکرێت.) زانایانی

ئیسلام هەندێک جار سەرپێچی لە دەقی پیرۆز دەکەن، بەڵام هەمیشە لە پێناوی بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا.
جەنەڕاڵ زیائولحەق بەڵێنی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەی بە خەڵکی پاکستان دابوو، کە پاشگەز بووەوە، گوتی:
(ڕۆحێکی پیرۆز لە خەونمدا پێی گوتم: دیموکراتی دژی ئیسلامە.)(١٨)

(ئایینی خۆتان بۆ خۆتان، هی خۆیشم بۆ خۆم. لکم دینکم ولي ديني.) ئەو دەقە لە ئایەتی شەشی سوورەتی کافراندا هاتووە، کەچی لە ئایەتی ٨٥ی سوورەتی ئال عیمراندا پێچەوانەکەی گوتراوە: (بێجگە لە ئیسلام هیچ ئایینێکی دیکە لە کەس قەبووڵ ناکرێت. ومن يتبع غير الإسلام دينا فلن يقبل منه.)(١٩) ئەم ناکۆکییە نابێت وتووێژی لەسەر بکرێت، چونکە قورئان خودا بەرهەمی هێناوە و حەقیقەتی ڕەهایە، بۆیە هەموو شیکرنەوە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی کوفر و ئیلحادە. محەممەد کە بێدەسەڵات و هەڵاتوو بوو، لە مەدینە دروشمی(زۆرەملێ لە ئاییندا نییە، لااکراه فی الدین)ی بڵند کردبووەوە، وەلێ کە دەسەڵاتی پەیدا کرد، (تەنیا لە خێڵی بەنی قەریزە نۆسەد کوڕی گەنج و پیاوی سەربڕی.)(٢٠)

### سەرچاوەکان


(٩) حسين مروه، دراسات نقدیه بی ضوء المنهج الواقعی، ط٣ ص٤٣٦ مؤسسه الابحاث العربیه ١٩٨٦ بیروت.
(١٠) د. حسن حنفی و محمد عابد الجابری، حوار المشرق و المغرب، ص١٣٨ دار توبقال للنشر ١٩٩٠ الدار البیضاء.
(١١) مجموعه من المؤلفين، مواجهات السيف و القلم، العنف الاصولی، ص٣٤٣ رياض الريس للنشر ١٩٩٥ لندن.
(١٢) أدونيس، النظام و الکلام، ص٥١ دار الاداب ١٩٩٣ بيروت.
(١٣) مجموعه من المؤلفين، ثواب الارض و السماء، العنف الاصولی، ص٢٣٢ رياض الريس للنشر ١٩٩٥ لندن.
(١٤) مجموعه من المؤلفين، الإبداع من نوافذ جهنم، العنف الاصولی، ص٣٥٧ رياض الريس للنشر ١٩٩٥ لندن.
(١٥) هەمان سەرچاوە، ل٣٥ و ٣٨
(١٦) د. جلال صادق العظم، نقد الفکر الدينی، ص٣٧ دار الطليعه ١٩٦٩ بيروت.
(١٧) أدونيس، النظام و الکلام، ص٥٨ دار الاداب ١٩٩٣ بيروت.
(١٨) د. جلال صادق العظم، ذهنيه التحريم، ص٣٣١ رياض الريس للنشر ١٩٩٢ لندن.
(١٩) د. نصر حامد أبوزيد، النص، السلطه، الحقيقه، ص١٥ المرکز الثقافی العربی ١٩٩٥ بيروت.
(٢٠) ئیسلامناسی، ل٢١

# کتێبێکی بە خوێن نووسراو
(3)

**حەمەسەعید حەسەن**

**ژن و ئیسلام**

بریا ئاگری ڕۆحت جەستەی دەسووتاندم،
بریا دەست لە ملانی ئاسمانیمان
هەمیشەیی دەبوو،
بریا یەکەمین شەوی بووک و زاوایەتیمان
هەرگیزاوهەرگیز دوایی نەدەهات.(٢١)

(ئەوی لە ژیانیدا تامی ئەزموونی ئەوینی مەزنی نەکردبێت، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، چونکە نازانێت چ شتێکی مەزنی لە کیس چووە.)(٢٢) ئەوی لە سۆزی ئەوین بێبەش بێت، هەست بە جۆرە برسییەتییەکی دەروونیی دەکات، کە زۆر لە برسییەتی جەستەیی سامناکتر، کوشندەترە و بێبەشبوونی پیاو لە سۆزی ژن، یان ژن لە سۆزی پیاو، تەواو وەک بێبەشبوونی منداڵ لە سۆزی دایک، بۆشاییەک جێ دەهێڵێت، بە هیچی دیکە پڕ نابێتەوە. ئەوپەڕی خۆشەویستی لە پێوەندیی سێکسی نێوان ژن و پیاودا بەرجەستە دەبێت، بە مەرجێک پێوەندییەکە بە ویست و ئارەزووی هەردوو لابێت، بەڵام سێکس بێجگە لە ئارەزووکردنی یەکدی، هەر هۆکارێکی دیکەی لە دواوە بێت، ئەوا نەک هەر وەڵامدانەوەیەکی سروشتیی گیانی و جەستەیی دوو کەس نابێت، بەڵکوو هەموو ناوەڕۆکێکی خاوێن و ئینسانییانە لە دەست دەدات و دژوارترین و دزێوترین شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤە لە لایەن مرۆڤەوە.

ژنومێردایەتی مرۆڤانە، تەنیا ئەو جۆرەیانە کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی بنیات بنرێت، هەر کاتێک مانگی ئەو خۆشەویستییە ئاوابوو، ئیدی لە پێوەندییەکی مرۆڤانەوە دەبێتە نامرۆڤانە و پێویستە هەڵبوەشێتەوە. لە ئیسلامدا پێوەندیی نێوان ژن و مێرد، لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی ژن هەڵچنراوە، چونکە چەوساندنەوە بێ زەبروزەنگ ناژی، بۆیە وەک چۆن دەسەڵاتدار بە پێی یاسا بێدەسەڵات سەرکوت دەکات، پیاویش بە گوێرەی دەقی قورئان، مافی ئەوەی هەیە، ئازاری جنسیی، دەروونی و جەستەیی ژن بدات.(واهجروهن في المضاجع واضربوهن.)(سوورەتی ژن، ئایەتی ٣٤)

یەکێک لە خەسڵەتە هاوبەشەکانی دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان ئەوەیە، هەمیشە جامی پڕ لە زەبروزەنگیان بەسەر لاوازاندا قلّپ دەکەنەوە. زۆرداران چونکە وەک بوونەوەرێکی لاواز سەرنجی ژنیان داوە، بۆیە ژن هەمیشە بۆ تیری زەبروزەنگیان نیشانە بووە. لە سەروەختی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا، مێ بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە، زیندەبەچاڵ کراوە، وەک هەر کووتاڵێکی دیکە فرۆشراوە، فرەژنی سنووری نەبووە، ژن بە شایەت نەچووە و میراتیی نەکەوتووە. چونکە ئیسلام بە پێوانە لەگەڵ سەردەمی جاهیلیدا، هەندێک مافۆکەی بۆ ژن دابین کرد،

کەسانی وەک سەیید قوتب دەیانویست محەمەد وەک ڕێبەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بناسێنن، وەلێ لەبەر ڕۆشنای خۆری دەقی قورئان، ڕەوتار و گوتاری محەمەددا، بەفری ئەو لێکدانەوەیە دەتوێتەوە.

دەقی قورئان کە باس لە ژن دەکات، تەنانەت لەو سوورەتەیشدا کە ناوی (ژن)ی لێ نراوە، ڕووی دەمی هەر لە پیاوە. قورئان گا وەک کووتاڵ سەرنجی ژن دەدات: جیهان کووتاڵە و باشترین کووتاڵیش ژنی چاکە، (الدنیا متاع وخیر المتاع المرأه الصالحه،) گا وەک کێڵگە: ژنانتان کێڵگەی خۆتانن، ئارەزووی خۆتانە، چۆنیان دەکێڵن. (نساؤکم حرث لکم، فأتوا حرثکم انی شئتم. سوورەتی بەقەرە، ئایەتی ٢٢٣) محەممەدیش دەبێژێت: (نێر سەرداری مێیە و دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی لێی بدات،) تا ئەو ڕادەیەی عوسمانی کوڕی عەففان، ڕوققییەی ژنی خۆی، کە کچی محەممەدیش بوو، لەژێر قامچیدا کوشت.

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ژن چونکە خوێنی لەبەر دەڕوا، لە ڕووی بایۆلۆژی و فیزیکییەوە لە پیاو کەمترە، ژن هاوزەمان کووتاڵیشە و ئینسانیش، خۆی ئینسانە، وەلێ (زێ)ی شتێکە قابیلی کڕین و فرۆشتنە، ئەوە نییە لە قورئاندا هاتووە، (کە پێتان ڕابواردن، کرێیان بدەنێ! فما إستمتعتم بە منهن فأتوهن أجورهن.)(سوورەتی ژن، ئایەتی ٢٤) ناوەڕۆکی بەڵێننامەی ژنومێردایەتی لە ئیسلامدا، بریتییە لەوەی پیاو لەبری جووتبوون لەگەڵ ژندا، زێڕ و دراوی پێ دەدات. مارەیی ئەو نرخەیە پیاو لەبری کڕینی (زێ) لە ژنومێردایەتی هەمیشەییدا و لەباتی بەکرێگرتنی هەمان ئەندام، لە ژنومێردایەتیی کاتیدا، بە ژنی دەدات. حیللی کە زانایەکی ئایینییە و لە سەدەی سێزدەی زایینیدا ژیاوە، دەڵێت: (مارەبڕین دەسەڵاتی پیاو بەسەر زێی ژنەکەیدا مسۆگەر دەکات.) پیاو پێش ئەوەی لەگەڵیدا جووت بوو بێت، ئەگەر ژنی تەڵاق بدات، نیوەی مارەیی دەدات. بەمەدا دیارە مارەیی هەقی کڕین و کەڵک لێ وەرگرتنی (زێ)یە. بە گوێرەی شەریعەت، سزای نێربازی کوشتنە، کەچی پیاو چونکە کرێی داوە، مافی ئەوەی هەیە لە (دواوە)یش، سێکس لەگەڵ ژندا بکات!

(پیاو چونکە بە ژنێک تێر نابێت!) مافی فرەژنی، ژنی کاتی و کەنیزەک ڕاگرتنیشی هەیە. یەکسانی لەم بوارەدا بەوە دابین نابێت، ژنیش مافی فرەپیاوی هەبێت، وەک لە قۆناغی دایکسالاریدا هەیبوو، بەوە دێتە گۆڕێ پیاو مافی ژنی لە دەست بدات. ئیسلام چونکە لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا سەری هەڵداوە، لە خزمەتی پیاودایە و گەلێک جار لە نامەک دەچێت، کە لە بەرژەوەندی ژیانی ژنومێردایەتیی خودی محەممەد نووسرابێت، بە تایبەتی سوورەتی ئەلئەحزاب. (کە هەواڵی بینینی عائیشەی ژنی لەگەڵ کاروانچییەکدا بڵاو بووەوە، محەمەد یاسای قامچی لێدانی گۆڕی، لەم ڕووداوەوە دەبێت چوار پیاو شایەتی بدەن، ئینجا زیناکەر سزا دەدرێت، پێشتر یەک شایەت بەس بوو.)(٢٣) شێخی ئەزهەر د. محەممەد سەیید تەنتاوی دەڵێت: (هیچ موسڵمانێک مافی ئەوەی نییە هاوزەمان لە چوار ژن زێتری هەبێت، وەلێ خودای گەورە مافی هاوزەمان لە چوار ژن زێتر هەبوونی، بە پەیامبەر بەخشیوە.)(٢٤)

ڕێبەرانی ئیسلام نەک هەر بڕوایان بە یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا نییە، بەڵکوو ژن بە کۆیلەی پیاو دەزانن، ئەوەتا غەزالی دەڵێت: (ئەگەر کڕنووشبردن بۆ غەیری خودا ڕەوا بووایە، دەبوو ژن سوجدە بۆ مێردیشی

بیات.) ئافرەت نەک هەر لە ژنومێردایەتیی کاتیدا، بەڵکوو لە هی هەمیشەییشدا، هەست، سۆز و ئارەزووی لەبەر چاو ناگیرێت، هەمیشە پیاو بکەرە و ژن بەرکار. ژن با بە سواری حوشتریشەوە بوو بێت، گەر مێردی ئارەزووی کردبێت، ناچار بووە داخوازییەکەی جێبەجێ بکات. لە ناکۆکییە سێکسییەکانی نێوان ژن و پیاودا، مێرد هەم جەمسەرێکی ناکۆکییەکەیە و هەم دادوەر و بڕیاردەریشە.

**ژنی سەفەری**

جەعفەری سادق دەڵێت: (ئەو پیاوەم خۆش ناوێت، دەمرێت و یەکێک لە ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر جێبەجێ ناکات، دەمرێت و ژنی سەفەری ناهێنێت.)(٢٥) جەنگاوەرانی ئیسلام دوور لە ژن و زێدی خۆیان، سەرقاڵی شەڕ، تاڵانی و بڵاوکردنەوەی ئایین بوون، محەممەد بۆیە ژنی سەفەریی داهێنا، تا ئەو شەڕکەرانە ورەیان هەر بڵند بێت. ژنومێردایەتیی سەفەری، بە کرێگرتن و بە کرێدانی (زێ)یە، بە شێوەیەکی شەرعی. ئەگەر چی عومەری کوڕی خەتتاب ژنومێردایەتیی سەفەریی قەدەغە کرد و لە سەروەختی خەلافەتی ئەودا، جووتبوونی نێوان ژن و مێردی سەفەری، وەک زینا سەرنج دەدرا، وەلێ شیعە پێیان وایە، ئەوی محەممەد حەڵاڵی کردبێت، تا قیامەت هەر حەڵاڵە و بۆ ئەم سێکس کڕین و فرۆشتنە، پشت بە ئایەتی ٢٤ی سوورەتی ژن دەبەستن.(فما إستمتعتم به منهن، فآتوهن أجورهن.)

لە سەردەمی جاهیلیدا خاوەنقەرز زۆر جار قەرزداری ناچار دەکرد، لە ڕێی فرۆشتنی لەشی ئەو ئافرەتانەوە (کە شکیان دەبات،) ئیدی کچی بن، ژنی بن، یان کەنیزەک، قەرزەکە بداتەوە، ئەگەر چی قورئان بە پێی ئایەتی ٣٣ی سوورەتی ڕووناکی، ئەو کارە دزێوەی قەدەغە کرد،(ولا تکرهوا فتیاتکم علی البغاء) بەڵام بە شەرعیکردنی ژنومێردایەتیی سەفەری، کە ئەمیش وەک سێکسفرۆشتنی ئاسایی، ژن هەر لە ناچاریی ئابوورییەوە پەنای بۆ دەبات، گیانی بەو نەریتە بەخشییەوە. شیاوی باسە قورئان چونکە سووک سەرنجی ژن دەدات، هەر لە هەمان ئایەتی ٣٣ی سوورەتی ڕووناکیدا، سەرەتا دژی ئەوەیە ژنان ناچاری لەشفرۆشتن بکرێن، کەچی لە کۆتاییدا پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێت: (ئەگەر ناچاریشیان بکەن، خودا چونکە دلۆڤانە، هیچ دوور نییە لە گوناهتان خۆش ببێت.)(ومن یکرههن، فإن الله من بعد إکراههن، غفور رحیم.)

پیاو بە تاقە ژنێک دابین نابێت، ژنی سەفەری وەڵامی ئیسلامە بۆ پێویستییە جنسییەکانی پیاو و ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامە بۆ ئەو (بەرەڵایی)یەی جنسییەی ئەورووپا. لە ئەورووپا ژن مافی ئەوەی هەیە بێ بەڵێننامەی ژنومێردایەتی لەگەڵ پیاودا بژی، ئەو جۆرە پێکەوە ژیانە، بە ئارەزووی هەردوو لایە و ژنیش وەک پیاو بکەرە. پێوەندییە ئازادە جنسییەکانی ئەورووپا بێ خەوش نین، وەلێ وەک ژنومێردایەتیی سەفەری ناکەونە خانەی سێکس کڕین و فرۆشتنەوە. لە ئەورووپا پیاو بێ ویست و ئارەزووی ئافرەت، سێکس لەگەڵ ژنی خۆشیدا بکات، سزا دەدرێت، هەر وەک بە زۆر سێکسی لەگەڵ نەناسێکدا کردبێت.

ئەگەر چی ژنومێردایەتیی سەفەری کارێکی شەرعییە، وەلێ زۆربەی خەڵکی ئێران وەک سێکسفرۆش سەرنجی

ئەو ژنە دەدەن کە شووی سەفەریی کردبێت. زانایانی ئایین ئەم ڕاستییە دەزانن، بۆیە بە نهێنی ژنی سەفەری دەهێنن، پاساوی ئەم کارەیشیان بەوە دەدەنەوە، کە ژنی سەفەری هێنان خێرە و خێرکردنیش بە نهێنی پاداشتی زۆرترە. بەشێک لەوانەی ژنی سەفەری دەخوازن، یان ڕاستتر دەکرن، خوێندکار و مامۆستایانی فێرگە ئایینییەکانن، وەک چۆن لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا، شوێن و شەقامی تایبەتی بۆ دۆزینەوەی ژنی سێکسفرۆش هەیە، لە ئێرانی ئیسلامیشدا، ئەوی بە دوای ژنی سەفەریدا بگەڕێت، ڕوو لە مەزار، مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی مەشهەد، قوم و ڕەی دەکات. ئیسلامە ڕەسەنەکان کە سەردانی مەزاری ئیمامی ڕەزا دەکەن، مەبەستی سەرەکییان دۆزینەوەی ژنێکی سەفەرییە.

لە ژنومێردایەتیی سەفەریشدا وەک سێکس کڕین و فرۆشتن، پیاو عەودالّی سێکسە و ژنیش دراو، بە شەرعیکردنی ئەم دیاردەیە، گەورەترین سووکایەتییە بە ژن دەکرێت. لە هەر شوێنێک فیکری زالّ، وەک ئێرانی ئیسلامی، ئاوا سووک سەیری ژن بکات، پیاو سووک و ئاسان سێکسی دەست دەکەوێت. لە سوێدی (بەرەلا)دا، سێکسفرۆشتن ئازادە، وەلێ دەلالّیکردن و سێکسکڕین، تاوانن و سزایان لەسەرە، کەچی لە ئێرانی سێبەری دەسەلاتی ئیسلامدا، نەک هەر دەلالّیکردن بۆ دۆزینەوەی ژنی سەفەری، ئازادە، بەلّکوو زۆر میوانخانە، دەرگەیان بۆ حەواندنەوی (بووک و زاوا)ی سەفەری لەسەر گازەرای پشتە! ژن چونکە شوومە، (لە کاتی نوێژکردندا، ئەویش وەک سەگ و کەر، ئەگەر بەبەر دەمتدا ڕەتبوو، نوێژەکەت ببڕە!) کە ئەمە تێڕوانینی پێغەمبەری ئیسلام بێت بۆ ژن، ئیدی کوا دەسەلاتدارانی ئێستەی ئێران، بە موو لە ڕێبازی محەممەد لایان داوە، کاتێک ژنانی نەیار، پێشەکی ئەتک، ئینجا ئیعدام دەکەن؟

٢٠-٥-١٩٩٧

**سەرچاوەکان**

(٢١) شیعری نوفالیس، د. جلال صادق العظم، فی الحب و الحب العذری، ص٧٦ دار العوده ١٩٨١ بیروت.
(٢٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٥
(٢٣) کریستیان مەکاریان، بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی محەممەد، و. سیروان سۆرانی، گۆڤاری دلاتپار ١٩٩٥ هێلسنکی.
(٢٤) د. محمد سید طنطاوی، کلمات واضحات عن تعدد الزوجات، الاهرام، عدد ٤٣٢٨٥ الجمعه ٢٠٠٥/٦/١٠ القاهره.
(٢٥) د. شهلا حائری، المتعه، الزواج المؤقت عند الشیعه، ط٣ ص٨١ شرکه المطبوعات للتوزیع و النشر ١٩٩٥ بیروت.
(٢٦) بێجگە لەو شوێنانەی سەرچاوەکانم دەستنیشان کردوون، لە گەلێک جێی دیکەشدا ناڕاستەوخۆ سوودێکی زۆرم، لە کتێبی (المتعه، الزواج المؤقت عند الشیعه)ی د. شەهلا حائیری و ئەم کتێبانەی تریش بینیوە:
* ئیسلامناسی.
* العنف الاصولی کە سێ بەرگە و کۆمەلێک نووسەر نووسیویانە.
* (النص، السلطه، الحقیقه)ی د. نەسر حامید ئەبوزەید.
* عبدالله العروی، الایدولوجیا العربیه المعاصره، المرکز الثقافی العربی ١٩٩٥ بیروت.